سەرۆك وەزیران:حکومەت چەند ڕەوشوێنێکی گرتووەتەبەر بۆ باشترکردنی دەسیەی مافێکانی مرۆڤ

ئەمڕۆ شەممە محەممەد شیاع سودانی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران دووپاتیکردەوە کە حکومەت چەند ڕێکارێکی گرتووەتەبەر بۆ ئامانجی باشترکردنی دەسیەی مافێکانی مرۆڤ لە عێراق.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لە پەراوێزی بەشداریکردنی لە کۆنگرەی میونش بۆ ئاسایشی 2024 چاوی کەوت بە ئانییس کالامار سکرتێری گشتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە :لە میانی کۆبوونەوەکەدا هەوڵەکانی ڕێکخراوەکە تاوتوێ کرا سەبارەت بەوانەی لە غەززە ڕووداون لە ڕووی کوشتن و گەمارۆدانی ناڕەوای گەلی بە بەرگریی فەلەستین، هەروەها گرنگی بەهێزکردنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بە ڕاگرتنی ئەو دەستدرێژییە دەندانەیە کە بووە هۆی دەیان هەزاران قوربانی کە زۆرینەیان منداڵ و ژن بوون لە غەززە.

سەرۆك وەزیران دووپاتیکردەوە : کە حکومەت هەر لە سەرەتای پێکهێنانییەوە پەداگربووە لە گرنگیی پەدان بە دەسیەی مافی مرۆڤ لە عێراق، و لە گشتگیری کرد لەمنهەجی وەزاری خێیدا و بەپێی ئەوەی لە دەستووردا هاتووە و ئاماژەی بەوەشکرد : کە حکومەت چەندین ڕەوشوێنی گرتەتەبەر بۆ ئامانجی باشترکردنی ئەم دەسیە، بەتایبەتی لە زیندانەکان و شوێنەکانی وەستانی ئەتەمبەل، و ڕێکخستنی

میکانیزمێك بۆ وەرگرتنی سکاڵاکان و بۆ خەرایی چارەسەرکردنیان بەپێی ستاندارد نەودەوەتییە پەسەندکراوەکان، جگە لە بەردەوامبوون لە هەموارکردنەوە یان یاسادانان بۆ یاسا نوێیەکان کە ئازادییە گشتییەکان بەرز دەکەنەوە و پشتگیری لە دەسیە مافەکانی مرۆڤ دەکەن.